هیچ ڕۆژێک نییە کە ئەنجامدانی کردەوەی چاک خۆشەویست بێت لای خوای گەورە وەکو ئەم ڕۆژانە» مەبەست دە ڕۆژی یەکەمی (مانگی ذي الحجة) یە

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هیچ ڕۆژێک نییە کە ئەنجامدانی کردەوەی چاک خۆشەویست بێت لای خوای گەورە وەکو ئەم ڕۆژانە» مەبەست دە ڕۆژی یەکەمی (مانگی ذي الحجة) یە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، تەنانەت جیهاد وتێکۆشانیش لە پێناو خوای گەورە؟ فەرمووی: «بەڵێ، تەنانەت جیهاد وتێکۆشانیش لە پێناو خوای گەورە، جگە لە پیاوێک نەبێت کە بە نەفسی وهەموو ماڵی دەرچوو بێت، وبە هیچ شتێک لە ئەوانە نەگەڕابێتەوە».

[سەحیح - ڕاست)] [(البخاري وأبو داود) ڕیوایەتیان کردووە, وگێڕانەوەکە هی ئەمەی کۆتایە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە کە ئەنجامدانی کردەوەی چاک لە دە ڕۆژی یەکەمی مانگی -ذي الحجة- باشترە لە ئەنجامدانیان لە هەموو ڕۆژەکانی تری ساڵ. وهاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان لە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە جیهاد کردن لە ڕۆژەکانی تر جگە لەم دەیە کرد ، ئایا باشترە لە ئەنجامدانی کردەوەی چاک لەم دە ڕۆژەدا؟ چونکە جێگیر بوو لەلایان کە جیهاد کردن لەباشترین کردەوەکانە. پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- وەڵامی دایەوە: ئەنجامدانی کردەوەی چاک لەم دە ڕۆژەدا باشترە لە جیهاد کردن لە ڕۆژەکانی تر، مەگەر موجاهیدێک دەربچێت بە نەفسی وهەموو سامانی لەپێناو الله ؛ ڕۆحی دەربچێت وهەموو سامانەکەی لەدەست بدات. ئەم کردەوەیە باشترە لە ئەنجامدانی کردەوە چاکەکان لەم دە ڕۆژە پیرۆزە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6255